کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-7-2007 23:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێک بۆ عبداللە علی کریم و سەردار حاجی لەمەڕ مەڵبەندی یەکی سلێمانی ... نەبەز:

سەرەتا ئەمەوی ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کەمن لەخستنەڕووی ئەم بابەتەمدا زمانحاڵی فەرمی مەڵبەندو هیچ لایەنێکی تر نیم، بەڵکە وەك ئەندامێکی زۆر سادەی یەکێتی پێمخۆشبوو ئەم ڕوونکردنەوەیەم لەپێگەی میانڕەوی کوردستان نێتەوە بخەمەڕوو و وەڵامێکی پوختی کەسانێك بدەمەوە بەناوەکانی (عبداللە علی کریم و سەردار حاجی) کاماوەیەکە بەڕەوتێکی زۆر ئاستنزمانە و بەوپەڕی هەست نەکردن بە بەرپرسیارێتی ڕەوشتی و پابەندنەبوون بەپرنسیبە بنەڕەتیەکانی یاساو ڕێساکانی نووسینەوە لەمینبەری جنێوفرۆشی کوردستانپۆستەوە هێرشی تەواو ناڕەوا دەکەنە سەر ستافی نوێی هەڵبژێردراوی مەڵبەندی یەکی سلێمانی و لەم بوارەشدا و بەسوود وەرگرتن لەزەمینەی بەپێتی نەبوونی پێوەر و بنەماکانی نووسین و ڕەخنەگرتنی هاوچەرخانە لە کوردستانپۆستدا ئەم بەڕێزانە هەموو هێڵێکی سووری داب و نەریتە سەرەتاییەکانی پێنووسەوانیان بەزاندووە و بەبەرنامەی پێشتر داڕێژراو کەوتونەتە موهاتەراتی شەخسی و سیاسی لەهەوڵدانێکی تەواو سەرنەکەوتوودا بۆ خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی و گەرمکردنی بازاڕی ڕەشی دەستەگەرێتی تاکو بەخەیاڵی مێشکی نەخۆشیان بتوانن لەم ڕێگەیەوە ئۆرگانە بنەڕەتیەکانی ڕێخستنی یەکێتی لاواز بکەن و یەکڕیزی چین و توێژە جیاوازەکانی میللەتیش تێکبدەن، کەئەمەش تەواو ئومێدی دوژمنە سەرسەختەکانی کوردە کەلەمێژە هەوڵی بۆدەدەن و کاری بۆ دەکەن، لەڕوویەکی تریشەوە لەگەڵ پلانە چەپەڵەکانی تیرۆریستە سەلەفییە توندڕەوەکاندا جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە و هێڵێکی تەریبی هاوتەنیشتێتی، زۆرینەی هێرشی ئەم نووسەرانە بۆ سەر خودی کاك بەرزان و ستافە بەڕێزەکەیەتی کەبەشاهیدی هەموو لایەك تەواویان لە دەرگای پیرۆزی دیموکراتییەوە پۆستیان لەم مەڵبەندەدا وەرگرتووە دوور لەتەزکییەو مەحسوبیەت کە پێشتر لەهەمان مەڵبەندا کاری پی دەکرا، پاشان تەواو ئاشکرایە ئەم بەڕێزانە بەهۆی پرۆسەی دیموکراتی هەڵبژاردنەوە پۆستەکانیان لەدەست داوە بۆیە بەم ڕەوتە کەوتونەتە لنگەفرتەو چاویان بەمەڵبەند و ستافەکەی هەڵنایەت، کاك بەرزان لەگەڵ مونافیسەکەیدا بەجیاوازی 136 دەنگ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کەئەمەش بەتەنها سەرکەوتن نیە بۆ کاك بەرزان بەڵکە شۆڕشێکی گۆڕاکاری و چاکسازییە بەکەرەستەی دیموکراتی، هەروەك چۆن ئەمەش بەتەنها دۆڕاندن نەبوو بۆ لایەنی بەرامبەر بەڵکە هەرەس و داڕمان و هەڵدێر بوو، بەهەمان شێوە بۆ کارگێڕەکانیش، پاشان ئەم نووسەرانە باس لە دابەشکردنی دۆلار و دەمانچە و ئوتومبیل دەکەن کەئەنجامدرابی بۆ کڕینی دەنگەکان، بەڕاستی ئەمە جێی پێکەنین و تیاڕامانە لەهەمانکاتدا لەگەڵ خۆڵکردنەچاو، وابزانم ئەشی لەهەموو جیهاندا و لەهیچ هەڵمەتێکی هەڵبژاردندا ڕووی نەدابی کەبەئەندازەی باڵی بەناو ڕیفۆرم پارە و خەرجی بۆ کڕینی دەنگ و ئەستۆکان سەرف کرابی، وەزیر و بەرپرسە حکومییەکانی بەناو ڕیفۆرم زیندووترین نموونەیە کەلەیەك ڕۆژدا و بەشاهیدی هەموو گەرمیان سەدان دەمانچە دابەش کرا ئەمە بێجگە لەدابەش کردنی سەدان ئوتومبیل و پلەی سەربازی بەدانپێدانانی بەرپرسێکی گەورەی سەرنەکەوتوو: بڕی دووملیار و چواسەد ملیۆن دیناری چاپی نوی بۆ کڕینی دەنگ لەسلێمانی و دەوروبەریدا دابەش کراوە، لەبەر ئەمانە پێم وایە باسکردن لەکڕینی دەنگ پڕاوپڕ ڕووی خۆتان دەگرێتەوە و دوورە لە ڕەفتاری هێڵی گشتی، پاشان کاکەیەکیان دەڵی کاك بەرزان نازانی فیکر چیە کەئەمەش درۆیەکی شاخداری ترە لەبەر ئەوەی کاك بەرزان و زۆرینەی ستافی نوی دەرچووی کۆلێژی یاسا و زانستە ڕامیارییەکانن و خەڵکانێکی ڕۆشنبیر و بەئەزموونن، کاك عبداللە باس لەکاك نامیق دەکات کارگێڕی بەشی ڕێخستن و هێرشی ناڕەوای بێبنەمای کردۆتەسە من نازانم کاتێك کاك نامیق لە ناوەڕەستی حەفتاکانەوە بەخوێنی خۆی کاری ڕێخستنی دەکرد ئەم کاکە عبداللەیە چکاربوو؟ هەمان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شێوه دەربارەی کارگێڕەکانی تر کەهەموو خاوەن خەبات و پێشمەرگایەتی و ڕابردوویەکی بێگەردن، واش نەبونایه بێگومان کادرەکانی یەکێتی دەنگیان بۆ نەدەدان و سەرکەوتنیان بەدەست نەدەهێنا، کاك عبدالله دەڵی دڵم بۆ یەکێتی و مەڵەند دەسووتی!! منیش دەڵێم کاکه هیچ دڵت بۆ یەکێتی و مەڵەند نەسووتی ئاگری دووبەرەکی و بوختانی ئێوەی لێبەدوور بێت هەرگیز یەکێتی لەبارودۆخێکی واباشتردانەبووە، ئەبوو شەرم بکەن و تەریق بنەوه پێش ئەوەی باسی کەسایەتی مەزنی جەنابی مام جلال بکەن، بەکوێرایی چاوی ئێوه و هەموو ناحەزانی کورد و یەکێتی پێشوازییه جەماوەرییه کەم وێنەکەی بەرواری 3/14 کاتی بەڕێزی لەئوردن گەڕایەوه زۆر شتی بۆ هەموو لایەك دەرخست گرنگترینیان خۆشەویستی بێسنووری کۆمەڵانی خەڵکی بوو بۆ ئەم سەرکردە مەزنە کەبەهەق شۆڕشێکی نوێی متمانە بوو، دواتر حەزئەکەم جەنابتان باش بزانن و بێگومان بن لەوەی که ئەم جۆرە هەوڵدانەتان بۆ سووکایەتی پی کردن و تەشهیر پێکردنی یەکێتی و مەڵبەند کاردانەوەیەکی عەکسی تەواوی هەیه و زیاتر ئێمەی دۆست و لایەنگری یەکێتی لەچواردەوری مەڵبەند و کاك بەرزان و ستافه بەڕێزەکەی کۆدەکاتەوە، ئەمەش جۆری بیرکردنەوه و ڕەفتارتان بێت هەرگیز نابن بەخاوەنی ڕۆژێکی ئایندەی یەکێتی و مەڵبەند بگره ڕابردووشتان دەدۆڕێنن.. ئەگەر ڕابردوتان لەبنەڕەتەوه هەبێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.